




گونتەر گراس

# "ماکس"ی من

لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

بۆ مۆزەخانە یاخود کتێبخانە. کەچی رووەو ژوورە ساردەکەی هوتێل گەڕایەوە، نەک بۆ کردنەوەی نامەکە، بە پەنجە درێژەکانی نامەکەی خستە لاوە، هەر لە هەمان کات دەفتەری بیرەوەرییەکانی لە پاڵتۆکە دەرهێنا : مرۆڤ دەیەوێت لە دارستان پرسیاری رێگا لە کەسێک بکات، کە دەستەکانی سوور هەڵگەڕاون بەخوێن، کەواتە ئەو لەم ساتانە کوشتوویەتی ...

زۆر کەیف خۆشبوو بەم رستە گونجاوە،

کە تامی زۆر شتی لێ دێت. بەردەوام بۆ خۆی دەیخوێندەوە و پەڕەکانی هەڵدەداوە، پاڵتۆ تەڕەکەی ئازاری بە سەرتاپای لەشی دەگەیاند، بۆیە بێزاربوو لێی و دایکەند، هەمدیس نەک بۆ هێنانی نامەکە بۆ سەر مێز، بەڵکو بۆ ئەوەی لە تەنیشت سیسەمەکەی کتێبی هیگل لە کتێبخانە بچووکەکەی دەربهێنێت، چونکە پێی وابوو ئەو باس لە مەبەستی تاوان دەکات. ئینجا بێ هیچ ئامرازێکی نامەکردنەوە، نامەکەی هەڵپچڕی و چاویشی هەر لەسەر قەدی پەڕەکە بوو: ماکسی کوڕە بچکۆلەم مرد. دەنگەکە لە هامبۆرگەوە گەیشتە ژوورەکەی. بگریێ بە حەزەوە بگرێی.. چاوتروکانێ بوو رۆیشت . ماکسی من . هەر پشکە خوێنێک یاخود خەیاڵێکی لەرزیو و هیچ، ئەوەی لەسەر ئەم پەڕە نووسراوە، قەت جارێکی تر بۆنی نان و شیر و گوێز و دەنگە بچکۆلانەکەی لێ نایەت و نا زرینگێتەوە، منیش دەمەوێت بە حەزەوە بگریم، و ناتوانم ئەو جوان و شیرینە لە نێو مردن جێبێلم، خۆی وەکو کرم خڕکردبووەوە، حەزی دەکرد ببێتە کرم و بە بێزەوە بەشە قێزەونەکەی خۆی بەرێت ماکسی من ماکسی من ...

ژنەکەی هەندێک پرچی گروازەیی زەردی زندووی بۆ لە مابەینی زەرفی نامەکە دانابوو. لەسەر دەستە زبرەکەی دەجووڵایەوە و خستییە دەمی و قوتی دا بۆ ناوەوە و لە قوڕگی مایەوە، حەزی دەکرد کرمبا، بە هیوابوو کە ئێستا لای خۆی بوایە، ماکسی من دەکرا بۆ من بوایەی، دەمێک بوو پرچەکە زۆری لێ دەکرد، بەسەر مێز و نامە و کتێبەکەی هیگڵ بڕشێتەوە، تا بەسەر کتێبەکەی نەڕشێتەوە، رووی وەرگێڕا و دوای ماوە و رشانەوەیەکی زۆر ئینجا توانی پرچە زەردەکە بێنێتە دەرەوە، ئینجا لای خۆی نووسی : قەت ناتوانم بۆقێک بکوژم..

سەرچاوە:

Gunter Grass

Wir leben im Ei

Bibliothek Suhrkamp